کەسێکی دیارو تارادەیەک ئاگادار بووە، ئەمە دووان و قسەکردنی زۆر هەڵدەگرێ.

لەهەمان کات حەیرانبێژەکان زۆر شارەزای وشەو ئاخاوتن و ژیانی ناو کۆمەڵ بوونە، بۆیە دانانەکانیان وەستایانەو پسپۆربوونە لەکارەکەی خۆیان.

لاوک و حەیران جیاوازیان لەوەدایەکەوا لاوک لەرووداو وەرگیراوە، بەڵام حەیران داندراوە، لاوک زۆر باس لەرووداو دەکات، کەچی حەیران زیاتر پیاهەڵدان و وەسفی سروشت و جوانی رەگەزی ئافرەتان دەکات، حەیران (بەندە)، ژمارەی بەندەکان لەدوو بەند تاوەکو (٦-٧) دەبێ، بەڵام بەزۆری لەسەر (سێ) بەند لەنگەر دەگرێ، بەڵام بەندی لاوک درێژە هەروەها دووبارەی چەند دێرێکی سەرەتای بەندی یەکەم هەیە لەلاوکدا.

ئافرەت و پیاو بەیەکەوە دەتوانن حەیران و لاوک بڵێن، حەیرانبێژو لاوکبێژ دەنگیان هونەرییە، واتە بۆ دەستپێکی سەرەتاو کۆتایی پێویستە لەرەی دەنگییان (فێت)ی تێدابێت، ئەمەش بۆ ئەوەی تاوەکو لەنگەری ئاوازەکە لەسەر بەندو دوا بەند بەرێکی گوێکرێ، نەشاز نەبێت، ئەمە لایەنێکی گرنگە لەسروشتی گۆیندەکان پێویستە هەبێت، ئەگەر ئەمە نەبێت حەیران و لاوکەکە بەردق و وشکی دەگاتە بیسەرو سەرنجی گوێگر راناکێشێ.

جێناوی کەسی یەکەمی تاک (من) لەحەیراندا بەدەستپێک دادەنرێ زۆربەی حەیرانبێژەکان بەدەربڕی (وامن دەرێم، ئەمن دەرێم، حەیران دەرێم) دەست پێدەکەن، بەڵام لاوکبێژەکان دەڵێن: (لێ لێ لاوکۆ، ئەمان دلێ) یان هەر دەربڕینێکی دیکە.

لەپاڵ ئەمانەشدا حەیران زۆر هیوا خواستنی تێدایە، وەکو (خۆزی بەخۆزی داران، بریا ئەمن، ئەمان چبکەمێ) هتد..

چەند لەلاوک و حەیران وردبیتەوە بواری دیکەیان لێدەردەکەوێ، بەم پێیە دەبینین حەیرانبێژ لەدوای شتێکە هیوای بۆ دەخوازی بۆیە بەخۆزگەو تاسەو ئاواتەوە نیازی خۆی دەردەخات، بەڵام لاوک باسی روداوەکان دەکات.

چیرۆک و سەربردەی مێژوویی لە رووی ئەڤینی و کۆمەلایەتی دەگێڕێتەوە، جۆرەکانی لاوک بەناوی پاڵەوانی ناو بابەتەکە دەبێت.

بۆیە لاوک بەناوی پاڵەوانە کەسیەکانی ناو لاوکەکە دەندرێ، وەک لاوکی (چەتۆو فەرحۆ) چەندین ناوی دیکە، بەڵام حەیران جۆرەکانی دەگەڕێتەوە سەر شێوازی دەربڕین و گۆکردن.

سەر چیایی و مەجلیسی جۆری سەرەکی حەیرانن، بەڵام دەڵێن جۆری تریش هەیە وەک حەیرانی شوانی و غەریبی و ئاینی.





# فەرهەنگ و دارشتن و وەرگێڕان لە دەلاقەی فۆلکلۆرەوە



زمان رووبارە، هەر یەکە و رێژگە و سەرچاوەی خۆی هەیە، لە رێڕەوی خۆی لابدات، پەرت و پیس و پۆخڵ و بۆگەن دەبێت...

سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر

من کە بە فۆلکلۆری چاوم هەڵهێناوە، بە لایەلایەی فۆلکلۆر گۆشکراوم، لەسەرەتای ژیانمەوە تاکو ئێستا بەقەرەجی ژیاوم، ترشی و تاڵی و شەکەتی و هەژاری و ستەمدیدەیی تۆکمەیان کردووم، هەر بەدەم رێڕەوی ئەم ژیانەیشەوە، بەوپەڕی ئاواتەوە شەیدای راوی زاراوەی رەسەنەی کوردی بووىمە، بەپێی چەرمەسەری ژیان و دەرفەتی کار لە زۆربنەی دەڤەرەکانی کوردستان کارم کردووە، شوان و سەپان و باخەوان، چێنەرو رێبەر بووم، تارادەیەکیش حولحولی و بیرکولێش نیم، وێرای کارو ژیان و پەروەردەی ژینگەکەم، چەندین بابەتی زانستی وەک: ژینگە، زبندەودرزانی،

رووەکناسی، چێنەری، رووەکە سروشتییەکان، هەنگداری، ژەهرزانی، مێرووە زیانبەخش و بەسوودەکان، پند و کرتێنەر و دەرد و نەخۆشییەکانی رووەک بەهۆکارەکانی کارئەندامی و کەڕو و بەکتریا و ڤایرۆس و کرمە مارانەکانەوە، رووەکپاریزی و کەمکردنەوەی زیانی مشەخۆرەکان...م خوێندووە، بە کارایش لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بە نوێنەری گوندەکانیشەوە بەزمان و بەکردار وانەم گوتۆتەوەو فێرم کردوون و لێیان فێربووم، ئەم هەلە هەلکەوتووانەم بە تامەزرۆییەوە قۆستۆتەوە..

ئەوانەی کە کوردی پەتی لادێیی ناوچەیەک نەزانن، نازانن زمانی کوردی چەند رەسەن و دەوڵەمەندە، ناشزانن ئەم هەموو وشە دارێژراو و خواستراوە نامۆیانەی ناو پەرتووکەکانی بەرنامەی خوێندنی خوێندنگە و بازاڕی نووسەرانی سەردەم، چەندە ملەوەز و رووتاڵ و نابەجێ و ناکۆک و لەسەر زمان گرانن..

لە زمانی کوردی و زمانە جۆراوجۆرەکانی جیهانیشدا، فەرهەنگی تایبەتمەندی وەک فەرهەنگی زاراوەکانی زیندەوەر زانی، یاساناسی، راگەیاندن، فۆلکلۆری.. هەن. بەلێکدانی سەرجەم فەرهەنگەکان، فەرهەنگی سەرەکی نەتەوەکە دێتە کایەوە.. یان بە پێچەوانەوە، لە قەدی فەرهەنگی گشتی زمانەکەوە لکە فەرهەنگەکان دەردەچن.. فەرهەنگ نووسین، زانیاری و ئەزموون و زیرەکی و بەهرە و پشوو درێژی و کات و توانا و دەسەڵاتی چاکی دەوێت.

کە وشەیەک دەخەینە ناو فەرهەنگێکی وەک فەرهەنگی فۆلکلۆرییەوە، دەبێ رەگ و ریشە و ئاکاری هەمان وشە، لەبەشەکانی دیکەی فەرهەنگەکان بناسرێتەوە و بەیەکتری بگیرێن و ببنە پشتگیر و تەواوکار و جێگر و هاوواتای یەکدی و بەچاوی وشەی فرە واتاوە سەیری بکرێت، وشەکان کەلێن و کەلەبەری یەکتری پڕ بکەنەوە، ئەگەر کەس قسەی کەس نەبیستێ و هەر کەسە بەیاری خۆی هەڵبلێت، ئەوا دەبێتە گێرەی ئۆمەرە کۆری و پاشاگەردانییەکەی ئەمڕۆی جیهانی نووسینی کوردی، «پرۆفیشینالانیش» لەلان دان و وێردییان لێ دەکرێت...

ئەوەی کردوومانە و ئەوەدیشی وا دەیکەین، شانازیشی پێوە دەکەین (وەک ناوی من و تۆ و ئەوان و ئێمە و ئێوە نا) بەڵکو لەپێناوی پیشاندانی دەوڵەمەندی و رەسەنایەتی زمانە پەتی و خاوێنەکەمانە، خۆشەویستی و دڵسۆزی و پاشخان و ئەرک و تواناو دەرفەت کێشامیانەتە ناو بابەتەکەوە، ئەوەدیش لە پەرتووکی "هەنگ بەخێو کردن (٢٠٠١) هەولێر، چاپکردنی رێنمایی کشتوکاڵی « فاو» لە ٣٦٠ لاپەرەیە لە قەوارەی نموونەیی لە ساڵی ٢٠٠٣ بەعەرەبیش چاپکراوە. پەرتووکی "دەردو نەخۆشییەکانی رووەک (٢٠٠٣) هەولێر، چاپکردنی رێنمایی کشتوکاڵی « فاو» لە ٥٧٠ لاپەرەیە، لەقەوارەی





نموونەیی، دەکەوێتە بەرچاوان:-

١. بەسەدان زاراوەی راست و رەوانی کوردی پەتیمان بۆ یەکەمجار لە بوارەکانی ژینگە و رووەکناسی و زیندەوەرزانی، رووەکی سروشتی و مێرووە زیانبەخش و سوودمەند و پند و دەردو و نەخۆشییەکانی رووک و....زاراوەی دیکەی هەمە جۆرمان تۆمار کردووە، بەرامبەریشیان هەمان زاراوەمان بەزمانەکانی زانستی (لاتینی) و ئینگلیزی و عەرەبی نووسیوە و بەپێی زانستی سەردەمیش پۆلێنکراون...، یاخود وشەکان پێشتر لەنێو فەرهەنگەکان بووبوونە کوتەڵی بێ گیان، گیانمان بەبەردا کردنەوە. چەندین پرۆفیسۆر و پسپۆڕی جیهانی و خۆمانە بەسەریان داچوونەتەوە، زۆر دڵسۆزی گەلحەزیش دەستیان گرتووم بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێین ئەوانەی ئێمە تۆمارمانکردون بەدەگمەن هەڵەیان تێدا دەدۆزرێتەوە.

زاراوە کوردییەکان لە هەوارگەی خۆیاندا کۆکراوەنەتەوە و لە هەڵبژاردنیشدا رەچاوی رەسەنایەتی و ئێسک سووکی، لەسەر زمان خۆشی، کورت بڕی و مانا دەربڕی کراوە. لێرەدا، کات و شوێنی دووبارە و کردنەوەیانمان نییە، هەر لەهەمان ساڵدا دەردو نەخۆشییەکانی رووەکمان کردۆتە عەرەبی و دوای چاپکردنی لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری (الزراعة العراقية) لەریزبەندی کتێبی پرۆفیسۆرو دکتۆرەکانی زانکۆکانی عێراق ئاماژەی پێکراوە پەنجەشیان بۆ بەشی فەرهەنگی ناوی رووەکەکان درێژکردووە. نوێنەری (FAO) لە عێراق لەوکاتەدا لەسەر داواکاری وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق سوپاسی بۆ ناردبووم و داوای چەند دانەیەکیشیان لێکردبووم. ئەمە لە لایەن پەرتووکخانەی عەرەبییەوە کە بەدەیان وڵات و سەدان و هەزاران لێزان لەدێرزەمانەوە گەشەی پێ دەدەن کەچی لەپەرتووکخانەی زانستیی کوردی هەژاردا خەڵاتی من دەردو شۆڕاوو شوڵاق و شوژن ئاژنی هەست و هۆش و کوتکی کوزر کوتانەوەو شوولک و شونکی کۆڵخان بووە. لەساڵی ٢٠٠٣دا هەنگ بەخێوکردنیش لەلایەن مامۆستا بەکری مەلای رەش کراوەتە عەرەبی و چاپکراوە. ئێستاش لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆکانی موسڵ و بەغدا هەردوو سەرچاوە وەک سەرچاوەی ژمارە یەک بەکار دێن.

لە هەردوو رۆمانی (شەخەڵی دار بەڕوو) و (ژانی ژنیگە) و لە (بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی)شدا وشە گەلی کوردەواری رەسەنی دەگمەن دەدۆزرێتەوە.

٢. پێشتر گەلێک زاراوە لە پەرتووکەکانی پرۆگرامی خوێندنگەکان لە عەرەبییەوە کراونەتە کوردی، بەبێ ئاگایی، کوردنووسانی کوردی نەزان پێکیان هێناون، کاتی ئەوە هاتووە دڵسۆزان بەسەرباندا بچنەوە، بۆ نموونە: بەرامبەر (سلامیة)ی عەرەبی کە پێناسەکەی "ماوەی نێوان دوو گرێ لە دوای یەکدا هاتووە" زاراوە کوردییەکە (نێوان دوو گرێ) داندراوە، کەچی بەسێ وشە هێشتاش ناتەواوە،

چونکە مەرجی سەرەکی پێناسەکە ئەوەیە کە دەبێ دوو گرێی لەدوای یەکدی بن، کەچی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بۆ ئەم زاراوەیە (گە، قەف) بەکاردێنن، نێوان دوو گەڵای لەدوای یەکدی (گرێ) لە رووەک و نێوان دوو گرێی هێسک وەک پەنجە، ئێسکی لاق.. "قەفێک قەمیش دەکرێتە بلووری منداڵان" "گەنم لە قەف (گە) و گوڵدایە، گەنم لە گەی ئاوێ دەخواتەوە، گە و جومگە لە (گە) چووە، منداڵ گەی نەرمە". زاراوەیەکی دوو پیتی وەک (گە) کە پڕاوپڕ بەمانای (سلامیە) لە کوێ و، زاراوەیەکی "نێوان دوو گرێ" سێ وشەیی مانا ناتەواو لە کوێ؟

هەروەها لەبری (ابط الورقة):- بنهەنگڵی گەڵا، (حامل ورقە) گەڵا هەڵگر، (حامل الثمرة):- بەرهەڵگر بە کارهاتوون لە کاتێکدا کورد بەرامبەر (ابط الورقة):- (مالکە) شوێنی دەرکەوتنی لک، (حامل الورقة):- (لاسک) لاسکە توور، لاسکە رێواس، و لەبەرامبەر (حامل الثمرة) (بستە) بەکار دێنێت و لەبستەی ترێ، بستەی شووتی، بستە سێو، بستەی تەماتە، ئەو بەشەی بەرەکە بە رووەکەکەوە دەبەستێتەوە ...هتد.

٣. هەندێک نووسەری بەناو نوێخوازی سەردەمی جیهانگەری، گەلێک زاراوەی بیانی بێ سێ و دوو، دەخەنە شوێنی زاراوە رەسەن و خۆماڵییەکان، درێژدادڕ نەبین چاکە چونکە هێندە زدق و ئاشکران، کراونەتە ناباوی باو، بە تایبەتی لای ئەو نووسەرانەی کە لە هەندەران دێنەوە، دەیانەوێ بەم وشە گەڵ رووت و سەر بەشەپقانە پێشکەوتن و تێگەیشتنی خۆیان بنوێنن، شات و شووتکاران شوولیان لێ هەڵبڕیوەو رۆژ بەرۆژیش لە زۆربوون دان و لە هەموو سەرەکۆڵان و چوارڕیان و نیوە دێرێک رێت لێ دەگرن، وەک "فێمێنیزم و دیسپلین و پرنسیپل و فاکتۆر ریسێرک و رۆنگ ساید، ئۆپۆزسیۆن، ئایدیا...

٤. وشەی رەسەنی کوردی هەن کۆن و لە کۆنەوە لە رێڕەوی مانا راستەقینەکەی خۆیان دەرچووین، یان گۆڕانی ناتەواویان بەسەردا هاتووە، بێ هەستپێکردن رۆژانە لەسەر هەموو ئاستێک بە ناتەواوی بەهەڵە بەکاردێنین، ئەگەر لە رەگ و ریشەی زمانەوانییەوە بڕوانینە رووخسار و دارشتنیان، لێیان ورد ببینەوە، ئەوا بەدەمی خۆیان و بەڕاشکاوی هاوار دەکەن و دەڵێن "خورتیمان لێ دەکەن"، نموونە:

أ/ شلەتێن (نەگەرم و نە سارد) بەمانای پلەی گەرمی شلەمەنیەکە نزیک لە پلەی گەرمی جەستەی مرۆڤ و شیردەرەکان (٣٦-٣٧)ی سەدی بێت، ئەوەی لە ئاژەڵداران دەبینین و دەبیستین، بێری شیری ئاژەڵەکانیان دەدۆشن کە تین و پلەی گەرمییەکەی نزیکەی (٣٧)ی سەدییە، شیرەکە دەکولێنن، دایدەگرن و لەشوێنێکی فێنک دەیهێڵنەوە تا گەرمییەکەی دادەبەزێت و لە پلەی گەرمی جەستەی مرۆڤ و تینی شیری تازە دۆشراو نزیک دەبێتەوە (شیرتێن) ئەوکات هەوێنی





ماستی تێدەکەن و دای دەپۆشن.. کەواتە (شیرتێن) لە شلەتێن لەبارترە.

(بە پیرییەوە چو) تاکو ئێستاش لە لادێ و لەنێو کۆچەرییان باوە، کە میوانێکی خۆشەویست، ناودارێک رووە و دیوەخان و ماڵ و هۆبە و رەشماڵان دێت، نۆکەرێک، مێردمنداڵێک، خاوەن ماڵ... رووبەڕووی دەچێت، ئەگەر پیادە بێت ئەوا شان و پیلی، یان دەستی، بازووی، ناولەپی، روومەتی... ماچ دەکەن، ئەگەریش سواری وڵاخ بێت جڵەوی وڵاخەکەی دەگرن تا دادەبەزێت ئینجا شان و پیلی ماچ دەکەن و وڵاخەکەی رێشمەکێش دەکەن و دەیبەن دەیبەستنەوە.. بەپیلییەوە چوو پڕواتاترە، لە بەپیرییەوە چوو هەرچەندە ئەمەی دوواوە رەگ و ریشەیەکی زۆر کۆنیشی هەیە.

ب/ (هاوکاری) بەرامبەر (تعاون و مساعدە)ی عەرەبی بەکاردێت، هاوکار هاوپیشەیە وەک هاوبیر و هاوڵاتی و... تۆ مامۆستای بیرکای لە پۆلی پێنجەمی قوتابخانەی ئاسۆس لە سلێمانی، منیش مامۆستای هەمان پۆلم لە قوتابخانەی زاگرۆسی سەرەتایی لە هەولێر، من و تۆ هاوکارین، مەرج نییە بەیەکەوە و لەیەک کاتدا یەک کار بکەین، بەرامبەر (تعاون و مساعدە)ی عەرەبی (هاریکاری و یاریکاری و یادمەتیدان و هەرەوزی و دەستبارگری) کوردی بە کاردێن و راستتریشن.

ج/ (تۆمەتبار) لەفەرهەنگی یاساییدا بەرامبەر (متهم)ی عەرەبی بەکار دێت و لەوشە عەرەبییەکەیەوە (تهمة، متهم) داتاشراوە، تۆمەتبار کەسێکە گومانی ئەنجامدانی تاوانی لێ بکرێت، بەڵام هەر گومانە و لێی بارکراوە، ئەنجامدانی کارەکەی بەسەردا ساغ نەبۆتەوە و بەتەواوی نەچەسپاوە کە تاوانەکەی کردووە، لەوانەیە بێ تاوانیش دەربچێت، (تاوانبار) بەرامبەر (جانی، مجرم) لەهەمان فەرهەنگدا بەکارهاتووە واتە تاوانەکەی ئەنجام داوە و بەبەڵگە و شتی دیکەوە جێگەی گومانی تێدا نەماوە کە کارەکەی نەکردبێت، لەکاتێکدا ناوەرۆکی وشەی (تاوانبار) ئەوە دەگەیەنێت کە تاوانەکەی وەک تۆمەتەکە لێ بارکراوە، نەک تاوانەکەی کردووە واتە تاوانبار پڕ بەپێستی (متهم)ی عەرەبی دێ، هەرچەندە لەدێرزەمانەوە بەهەڵەی باو، تاوانبار لەشوێنی تاوانکار بەکاردێت، بکەری تاوان بە کوردی رەوان (تاوانکار)ە نەک (تاوانبار)ی تاوان لەمل شەتەک دراو.

٥. بەدەست ناحەزانی کورد و کوردانی کوردی نەزان و سەرکار و پایە و کورسی دارانی ناشیاو لە شوێن و پلە و پێگەی بایەخداردا، بۆ پڕکردنەوەی شوێنی پێشەوەرانی لێزان، بۆ دڵڕاگرتن و پڕکردنی گیرفانی لایەنگرانی نەکارا و لێنەهاتوو، خۆشی پەرستانی بێ باک، کار و رۆژ و سەرە مانگ و پڕۆژە ژمێر، بۆ کاردەربردن و خۆگونجاندن لەگەڵ پایەی ناشیاویاندا، بەلاسایی کردنەوە و گرێ، لەم ساڵانەی

دوابیدا هێستر ئاسا (بێ جاشکدان، دێنە زان) و بێ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی و داب و نەریت و بنچینەکانی زمان، هەندێک وشە و دەستەواژە و ڕستەی ناسازی ئامادەی هاژوان دەکوردێنن و لە کەناڵە جۆراوجۆرەکانی بیستن و بینین و خوێندنەوە بڵاودەکرێنەوە لە بنەڕەتیشدا کارێکی نامۆ و دزێو و ترسناکە، چونکە لەگەڵ فۆلکلۆر و مۆرکی تایبەتمەندی ڕێزمان و زمانەکە نەیارن و تەنگیان بە ڕەسەنایەتی زمانەکەمان هەڵچنیوە، بۆ خاتری خاتردران، گەلەش خەریکە تەبایی ئەوان منداڵدانی زمانەکەمان دەردێنن و گونبڕاوانە پەیڕەوی دەکەن یا کرۆکەب ورتە لە دەمیانەوە دەرناچێت، ئەکادیمانی لێزان و تایبەتمەند و پرۆفیسۆرە پرۆفیشناڵەکان، لە دەزگا بەرز و پەیوەستدارەکانی وەک زانکۆ و کۆڕی زانیاریش وچانیان وەرگرتووە و بێزمان و بێپەنجە و کڕ و بەنگگرتوون.. هەست بە تەوژمی ئەم گەردەلوولە ڕەشە و گێژەنە لیخنە ناکەن... خواچاکی بکات، بۆ نموونە بڕواننە دەقی کوردی سەردەم کە لەڕۆژنامەو ژێرنووسی سەتەلایتەکان دەخوێنینەوە.

"**پارێزگای هەولێر بەڕێز... لە ڕۆژی ڕابردوو لە سێشەممە لە بەرواری ٢٠٠٨/٢/٢٦ لە کاتژمێر دەی پێش لە نیوەڕۆ هەڵدەستێت بەسەردانی ژمارەیەک پرۆژە لە پرۆژەکانی سەنتەری شاری هەولێر کە بریتین لە قیرتاو کردنی سێ شەقام و بینا کردنی قوتابخانەیەک کە شەش پۆل لە خۆ دەگرێت، فاکتەری دواکەوتنی ئەنجامدانی کارەکان دەگەڕێتەوە بۆ درەنگخستنی پێدانی بڕی پێشینە و بۆ بەڵێندەرەکانی کارەکان بێجگە لەوەی کە سەرچاوەش دەگرێت لە هۆکاری باران و کەش و هەوای زستانی نالەبار".**

نووسینەوەی ناوەڕۆکی هەمان دەق بە کوردییەکەی (١٥) ساڵ بەر لە ئێستا:

"**پارێزگای هەولێری ڕێزدار... دوێنێ، سێ شەممە، ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٢/٢٦ کاتژمێر دەی بەیانی پرۆژەکانی قیرتاو کردنی سێ شەقام و بیناکردنی قوتابخانەیەکی شەش پۆلی، لە هەولێر بەسەر کردەوە، هۆی دواکەوتنی کاری پرۆژەکان نەدانی بڕی دراوی دەزگری بڕییەکارەکان بوو، وێڕای باران و کەشی ناڵەباریش..**

بەبەراورد کردنی ئەم دوو دەقەی سەرەوە، دەقێکی سەردەمی ناڕەسەن و دەقێکی پەتی، ئەم وردە تێبینیانە دەخەینە بەرچاوی خوێنەر و ناوبژیکاران.. بەڵکو پتر لەزاراوەو داڕشتن و وەرگێڕان بخەفتن.

(ڕۆژی ڕابردوو لە (یوم أمس)ی عەرەبییەوە هاتووە کە گوتت (دوێنێ) پێویستی بە (ڕۆژی) نییە (پێش لەنیوەڕۆ) دەبێ بپرسین ئەم هەموو (لە) و (کە)یەمان بۆ چییە.

(**هەڵدەستێت**) لە (**یقوم**)ی عەرەبی کە بۆ ڕابردووی بەردەوام بەکاردێت، کوردی نایخوازێت هەرگیزاوهەرگیزیش ئەم هەڵدەستێتەی عەرەبی لە کوردیدا جێگە و پێگەی نەبووە، ئاخنینێکی زەبەلاحی





نابەجێ و نا لەجێیە، وەک **منداڵەکە هەڵدەستێت بەئەنجامدانی میزکردن** بەکوردی ڕووت و ڕەوان بێ پەناوپێچ و پەنمان، دەڵێن **منداڵەکە میست**(١) یا منداڵەکە میزی کرد (**ژمارەیەک لە پرۆژەکانی**) دواتر ناو و ژمارەی پرۆژەکان لە هەمان دەقدا دووبارە دەگوترێتەوە، ئەمەیان بۆ خاتری چاوی ڕەش (**عدد من المشاریع**)ی عەرەبییەوە جێگەی بۆ داندراوە، یا بۆ درێژدادڕی و بەبست پێوان و پترکردنی ڕووبەرو بڕی دراوی وەرگێڕانەکەیە؟

(قوتابخانەیەک کە شەش پۆل **دەگرێتە خۆ**) ئەم درێژبڕییەش بۆ شوێنپڕکردنەوەی (**یتضمن و یحتوي**) عەرەبییەکەیە کە لە کوردیدا بەیەک (**ی**) چارەی کراوە، **دەگرێتە** خۆو لەخۆدەگرێت پەتکن، وانەک بەپەڕۆک ئەستووورکردنن.

فاکتەر و سەنتەر لە ئینگلیزییەوە بە بێ پێویست کورسییان بۆ داندراوە (ڕێژەی بەشدارییە) ئەگەر شوێنەکەش وشەکانی خواست ئەوا (هۆکار و مەڵبەند و....) هەن

**دەگەڕێتەوە بۆ لای** لانەدانی (**یعود الی**)ی عەرەبی هەڵبەستراون.

**درەنگخستنی پێدانی پێشینەی بەڵێندەر،** وەرگێڕانی وشە بە وشەی (**تأخیر صرف سلفة المتعهد**)

لە بری (**سلفة**)ی عەرەبی کە بەمانای یارمەتی دەدات بە بڕە پارەیەک دواتر لە کۆتایی کارەکەی بۆی وەبەر کرێ و نرخی کار و شتومەکان دەخەنەوە، لەکوردیدا وشەی دەستگر و دەسگر بۆ سولفەی پارەو... بەکاردێن (**مام ئۆمەر ٤٠ دیناری بە دەستگر داوەتە سەپانەکەی**) لێرەدا سلفە لە سەلەفی عەرەبی بە مانای بەرایە و پێشینە بەکار دێت (خیر خلف لخیر سلف) سلفا، کورد بۆ کاری (مقاولات) (بڕییەکار و گۆترەکار) بەکار دێنن، کارەکەم لە بڕییەکار گرتۆتەوە، کارەکە لە گۆترە بەچەند دەکەیت؟ کە بەمانای (مقاولة قبالة)ی عەرەبی دێن، بەڵام (متعهد) کە بەڵێندەر دادەنرێت وەک پەیماندارە و پتر بۆ مەبەستی دیکە دێتە بەرچاو:

(**سەرچاوە دەگرێت**) دەستەواژەیەکی ئاخنراوە و لەشوێنی خۆیدا بەکار نایەت ئەگەر پێویستیش بوو گەلێک زاراوەی گونجاوتر هەیە وەک هەڵقوڵاوی، لە ئەنجامی، بنج و بناوانی کارەکە، سەرچاوەی.

(**بێجگە لە هۆکاری باران**) لێرەیش بێجگە پتر مانای (عدا وماعدا) دەگرێت دەدات، نەک لێرەدا (بالاضافة الي):- کە بەرامبەرەکەی دەبێتە:- سەرباری، وێڕای- سەرەڕای لەبارترن. لێرەدا (بێجگە) جومگەی کوردییە ڕەسەنەکە لە (گە) دەبات و شەل و گێڕی دەکات...

**زمان ڕووبارە، هەر یەکە و ڕێژگە و سەرچاوەی خۆی هەیە، لە ڕێڕەوی خۆی لابدات، پەرت و پیس و پۆخڵ و بۆگەن دەبێت...**

بەلایەنی کەمەوە نووسەر و وەرگێڕان

دەبێ ئەلف و بێی ئەم زمان و ڕێزمانانە بزانن کە لەگەڵیان دەکارێن، ئەگینا هیچ و هیچ بەدەست دەردەچن. لەبری خەتەنە کردن لەبنەوە دەیبڕن، لەبری چاوی جوانی، بۆ جوانی بەکل بڕێژن، ڕەشکێنی چاوی دەڕێژن... دەردەکە لێرەوە (سەرچاوە دەگرێت) نووسەران دەفەرموون کوڕەکە خوێندن دەکات و مریشکەکەش دەهێلکێنێ نەنکیشیان دەڵێت "کوڕەکە دەخوێنێ و سەرەمرەکە هێلکە دەکات و باڕەکەکە دەگارێنێ و هێلکەش دەدۆڕێنێ".

نموونەی وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بە زمان و ڕێزمانی کوردی دەڵێن "باوکم گوتی: کارزانم لە تاراوگە بینی" ئەگەر هەمان شت بەزمان و ڕێزمانی ئینگلیزی بڵێین دەبێتە «کارزانم لەتاراوگە بینی باوکی من گوتی» باوکم گوتی لەکوردیدا لەپێشەوەیە لە ئینگلیزیەکەیش لە دواوەیە،

ئینگلیز باوکم دەکاتە باوکی من چونکە راناوی (م) لکاوی نییە....

هەمان تایبەتمەندی زمانی عەرەبی لەگەڵ کوردی بەراورد بکەین عەرەب دەڵێن (شربت الماء) واتە خواردمەوە ئاو، بەڵام ڕێزمانی کوردی دەیکاتە (ئاوم خواردەوە). (حفار ساق المشمش الصغيرة) واتە کوڵەری قەدی قەیسی بچکۆڵە، بەڵام بە کوردی دەبێتە قەدسمە بچکۆڵەکەی قەیسی، وەکو (الحرب العالمية الثانية) کە دەکرێتە جەنگی جیهانی دووەم، کەچی هەریەک جیهان هەیە، دوای نۆهەت و ئەوەندە ساڵە هێشتاش بەئاگا نەهاتوون کوردانە بڵێین جەنگی یەکەمی جیهانی.

٦- ئەگەر کەروگا لێبگەڕێن زمانی کوردی بێ گرێ و گرفتە

زۆیرو تووندڕەو و تۆبز بەدەست و زمان شرمەبن! مەبەستم پەلاری تەلار نییە! ئەم گوتە شیرین و ناشیرینەم لەدەمی پیرە لاسی نوقڵ فرۆشەوە بیست... تەورداس و تەرازووی دانابوو، گەزۆی ڕەسەنی سەر چڵووی مازوو و هەنگوینی راوی کوێستانێی بەئیزرەم و بەپاکەت دەفرۆشت و دەیگوت: لە (بازارگە)وە_(بازگەی سەرچیای قەرەچووغی خۆمان، لەنێوان دیبەگەو مەخموردا - هەولێر) مام هەژاری تۆبەکار، شوانکارەیە...

بیستۆکەک نابێت... ها ئەوەتەیە، هێشتا لە بستییەکە ئاوا نەبووە.

ئەم ورگنە ترێەستوورە لەملاوە هاتووە و دەپرسێ خاڵە هەژاری تۆبەکەر لەبازاڕگاوە شوانکەرەیە... ئەمانە (کار) دەکەنە (کەر) و (گە)ش دەکەن بە(گا)، ئەگەر(کەر و گا) جێگەی (کار و گە) نەگرنەوە زمانی کوردی بێ گرێ و گرفتە.

لەمنداڵییەوە دەیناسم، مام هەژاری شێخ زادە لەگوندی زاگە (گوندێکی دێرینی سەر ڕێگەی هەولێر ـ گوێڕە) تازە بەتازە سەرکۆتی سم سپی هاتۆتەوەو





(زاگە)مان لێ دەکاتە(زاگا و گازا، و زارگاءِ زاگاە) (هاوکەری و میوانگا)... کۆمەڵگە لەبارەو کۆمەڵگا(کۆمەڵەگا) نەگونجاوە...

بەبرایانی خۆم دەڵێم: لەباتی لەسەر خەستەخانە گەورەکەی سەر ڕێگەی شەقڵاوە. بەدووروو درێژی و وەرگێڕانەوەی وەرگەڕاودا بنووسن ((نەخۆشخانەی لەدایک بوون)) بەمتمانە بەخۆبوونەوە، بێ ترس و بێ شەرم و بێ چاولێکەری بڕوانە (برازا، ئامۆزا، پوورزا... زەیستانی، زاینی) بەکوردی و بەکورتی بنووسن ((زاگە)) و مەترسن!

باری هەردوو جیهانتان بەملم، (زاگە) ریسی پەتەو رستی پس پس و بەگرێ و گۆبەند نییە، زاگە فۆلکلۆرە، کوردییەکی کورتبڕو زەری دەربڕو مانا پڕاوپڕە، ڕەسەنی پەتی و بەپیتە... زاگە روز (زاجروس) شوێنی هەڵهاتن و دەرکەوتنی سەردەمی ڕۆژو ڕووناکی پەرستی دەنوێنێ. کۆمەڵ و کۆمەڵگە لەبارن و کۆمەڵگا (کۆمەڵەگا) نەگونجاوە...

داگیرکردن و شێواندنی کلتوور و بیروباوەڕ، بەهۆی دەسەڵات و ئایین و چاولێکەری و پێشکەوتن... بێت، تێکشکاندنی ناسنامەی نەتەوایەتییە، خۆڵ لە چاوی خۆ کردنە، بە زەبرو زەنگی زۆر و ڕەشە کوژی و بەکۆمەڵناشتن و برسیکردن و نەخۆشخستن نەفەوتاین، بەڵام بەرگەی دابڕان لە کلتووری نەتەوایەتیمان و تۆران و تاربوون لە هێلانەکەی خۆمان ناگرین، هۆشیاری نەتەوایەتی، بەرژەوەندی باڵای وڵات، جێگەی تاکپەرستی و خێڵایەتی و ناوچەگەری و... نەگرێتەوە لەسەر لێواری هەڵدێر ناگەڕێینەوە.

زمانانی جیهانی گەشە دەکەن، باڵایان بەرز و تەنگەیان ئەستوور دەبێت، بەڵام هەمیشە وەرزش دەکەن، ئەگەریش زۆر ورگن بوو ئەوا بە نوشداری و بەزوگۆشتی وشەی نامۆ و لاپڕە سەنگ لە بەکارهێنانی رۆژانەیان (ئاخاوتن و نووسین و..) دەردەکەن، زۆرجار لەبری رستە وشە، پیت بەکار دێنن نموونە (WHO) واتە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، (FAO) ڕێکخراوی خۆراک و ڕێکخراوی کشتوکاڵی جیهانی (UN) نەتەوە یەکگرتووەکان... (LD50%) بری بکوژی ٥٠ لە سەدا، کەچی ئێمە حەز بە ورگنی و تەمبەڵی و ... دەکەین...

ڕێگری دارمان و پشتگیری هەڵنانی ڕەسەنمان بە خەیاڵیش دا نایەت، مەگەر شەکرە و هەڵستان، پاڵاپەستۆ و تەوژمی خوێن و جومگە سووان و بەرهەنگ و ئیفلیجی و دڵ وەستان بەئاگامان بێنن.

(١) «بلێ بیست». «بیست». «لەخۆت میست، دوو کوڕت هینان سەر بەپیست، یەک حەمەدان یەک ڕەمەدان، رمیان چەقاند چوونە مەیدان». یاریەکی فۆلکلۆری منداڵانە لەناوچەی خۆشناوەتی.